**ڕاگەیاندنی ڕۆژنامەگەری لە کۆمیتەی کەرکوکی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقەوە:**

# دژ بەبڕیاری بەرز بوونەوەی نرخی سووتەمەنی خۆپیشاندانێکی بەر فراوان لەکەرکوک بەرپا کرا

**دوابەدوای بەرز بوونەوەی نرخی بەنزین و سووتەمەنیەکانی تر بە بڕیاری حکومەتی جەعفەری بۆ چەند سەد بەرابەری نرخی پێشووی دوای نیوەڕۆی ڕۆژی 2005/12/19 لەگەڕەکی شۆرجەی شاری کەرکوک خۆپیشاندانێکی بەرفراوان دژ بەو بڕیارە بەرپا کرا لەگەڵ درێژەی خۆپیشاندانەکەدا ڕێژەی پەیوەست بوونی جەماوەر بەریزی خۆپیشاندەرانەوە بەردەوام ڕوو لەزیادی بوو ، هەر لەوێدا سەدان بەیاننامەی حزب سەبارەت بەم بڕیارە بەسەرپەرشتی محەمەد عەزیز ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی لەناو خۆپیشاندەراندا بلاو کرایەوە هەروەها ئازاد مەجید ئەندامی کۆمیتەی کەرکوک قسەی بۆ خۆپیشاندەران کردو شیعارو هوتافی بۆ خۆپیشاندەران دەوتەوە ، خۆپیشاندان درێژەی کێشا وەتا دەهات جەماوەر زیاتر پەیوەست ئەبوون پێوەی وەبەجادەی گشتی شۆرجەدا بەرەو گەڕەکی ئیسکان بەڕێکەوت وەپێش ئەوەی خۆپیشاندەران بگەنە گەڕەکی ئیسکان پۆلیس و حەرەس وەتەنی دەستیان کرد بەتەقەکردن لەخۆپیشاندەران و دوابەدوای ئەوە هێزەکانی ئەمریکاش گەیشتنە ئەوشوێنە بۆ هاوکاری کردنی پۆلیس و خامۆش کردنەوەی تووڕەیی خۆپیشاندەران . شایانی باسە خۆپیشاندان تاکو نزیک سەعات هەشتی شەو درێژەی هەبوو .**

**هەروەها هاوڕێیان عەلی قادر ، ، کامەران حوسێن ، موەفەق حوسێن ، سەدر نووری ، ئەندامانی کۆمیتەی کەرکوک سەرپەرشتی چالاکانەی خۆپیشاندانەکەیان کرد .**

2005/12/20